

# تەلەفۆن

لەپاش تەواو بوونی ساڵی خوێندن کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەرچوو، کاژاو لەناو قوتابیەکانی پۆلی یەکدا بە یەکەم ناسرا. کاک نوری بابی کاژاو بەڵێنی دابوویە ئەگەر بەیەکەم دەرچێت سەعاتێکی بە خەڵات بۆ بکڕێت. بەڵام باوکی لە دهۆکە و کاژاو دەنگی نایگاتێ، لە بەر ئەوە زۆر بەدڵتەنگی گەڕایەوە ماڵ. دایکی پێی گوت زۆر خەفەت مەخۆ هەر ئێستا بە تەلەفۆن مزگێنی دەرچوونت بە بابە دەگەیەنم. کاژاو پرسیاری کرد: تەلەفۆن هەر لەناو شاردا قسەی پێ دەکرێت یادەنگی دەگاتە جێگەی دووریش؟ دایکی وەڵامی دایەوە کە تەلەفۆن دەگاتە هەموو شوێنێکی وڵات. ئیش و کاری خەڵک ئاسان دەکات و ڕێگای دوور نزیک دەکاتەوە. جاران تەلەفۆن کەم بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە زۆربەی ماڵەکانی شاردا هەیە و بەشێکی زۆریش لە خەلکی تەلەفونی هاوڕێ واتە «مۆبایل» یان پێیە. هیواداریین لە داهاتوویەکی نزیکدا لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستاندا تەلەفۆن دابندرێت، چونکە تەلەفۆن ئامێرێکی گرنگە و هەموو کەس کاری پێدەبێت.

پاشان کاژاو و دایکی چوون قسەیان لە گەڵ باوکی کرد لە دهۆک و مزگێنی بە یەکەم دەرچوونی کاژاویان دایە.

---

❊ ڕاڤە

- پۆل: سەف، کلاس.
- ئێستا: نها، نهۆ، ئەلان.
- خەفەت مەخۆ: ناراحەت مەبە
- دابێ: داهاتوو
- ئەمڕۆ: ئەڤرۆ، ئەوڕۆ، ئیرۆ.
- ئەنجام: ئاکام، نەتیجە.
- تاقی کردنەوە: ئەزموون، ئیمتیحان
- ئامێر: کەرەسە، شت (وەسیلە)


Copyright © Kurdi.fi



* پرسیار و ڕاهێنان

1. کاژاو لەناو قوتابی‌یەکانی پۆلەکەیدا بە چەندەم ناسرا؟

............................................................

2. باوکی کاژاو لە کوێ بوو؟

............................................................

............................................................

3. تەلەفۆن جاران زۆر بوو یان ئێستا ؟

............................................................

............................................................

4. کاژاو لە کوێوە قسەی لە گەڵ بابی کرد؟

............................................................

............................................................

5. بە ڕای تۆ بوونی تەلەفۆن بۆچی گرینگە؟

............................................................

............................................................

---

* ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە پڕ بکەوە:



جاران ................................ کەم بوو، ................................ ئەمڕۆ لە زۆربەی ماڵەکان

................................ هەیە. هیواداریین لەدوای ماوەیەکی تر، لە هەموو ................................

و ................................ کوردستان ................................ دابندرێ.


Copyright © Kurdi.fi